نالی و سەبکی هیندی

هیوا حەسەن پوور
لە فارسییەوە: ئەحمەد یاسینی پشکۆ
(بۆکان)

وشەی سەرەکی: نالی، سەبکی هیندی، شێواز و معادلە، کاریکەلماتۆر

کورتەیەک:

نالی یەکێک لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردە (۱۸۰۰ - ۱۸۵۱ز) بە زۆری ناوبانگی ئەم شاعیرە بە هۆی غەزەلەکانییەوەیە کە خاوەن بەیانی جوان و لێورێژە لە ڕازێنەرە ئەدەبییەکان. ئەو لە غەزەلەکانیدا بە شێوازێکی جوان لە جۆرەکانی خەیاڵ کەڵکی وەرگرتووە، کە دەبێتە هۆی سەرسوڕمانی خوێنەر. لەم وتارەدا هەوڵ دراوە کە غەزەلیاتی نالی لەگەڵ شێواز، یان سەبکی هیندیدا هەڵسەنگێنرێت.

ئەم غەزەلانە بە پێی توانایی لەگەڵ ئوسلووب و معادلە و کاریکەلماتۆر و هەڵسەنگاندن، هەروەها شێوازی هیندیدا لێک دراوەتەوە.

جێی سەرنجە کە لێکدانەوەی غەزەلەکانی نالی و شێوازی هیندی، بەڵگەی ئەوە نییە کە شیعرەکانی نالی لەلایەن سەبک و شێوازەوە بە تەواوی لە ژێر کاریگەری سەبکی هیندیدا بێت لەبەر ئەوەی لە سەبکی هیندیدا بەسامەد و بەرز و نزمی گرنگە، هەروەها بتوانین بە هۆی زەق بوونی یەک دوو خاڵی تایبەتی سەبکی، یان ئەندێشەی زاڵ بەسەر ناوەرۆکی شیعرەکانیدا، نالی لەگەڵ شاعیرانی تریش هەڵسەنگێنین.

پێشەکی:

نالی ناوی خدر (خزر)ەو کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی ئالی بەگی مکائیلییە. لە شاعیرانی هاوچەرخی کوردە کە خاوەن زەینێکی توانست بووە لە غەزەلدا.

لە گوندی خاک و خۆڵ لە دەشتی شارەزوور هاتووەتە دنیاوە، بە پێی ڕێبازی خوێندنی ئەو سەردەمە، لە سەرەتاوە قورئانی پیرۆز و وردە کتێبی فارسی خوێندووە و چووە بۆ فەقێیەتی و لە پێناوی وەرگرتنی زانستە ئایینییەکاندا، شار و دێهاتە قوتابخانەدارەکانی بەشێکی کوردستان گەڕاوە و دوا پلەی ئەو خوێندنەی بڕیوە و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. بە شیعر و ئەدەبیاتیش زۆر هۆگر بووە، هەروەها زۆر هۆگری کتێبە فارسییەکانیش بووە، بێجگە لە زمانی عەرەبی- کە زمانی ئایین بوو - زمانی تورکی و فارسیشی دەزانی، هەروەک خۆیان ئاماژەی پێ دەکەن، بەم زمانانەش شیعری وتووە.

ئیستیتاعە و قووەتی تەبعم بە کوردی و فارسی عارەبی، ئیزهاری چالاکی و چەسپانی دەکا دیوانی

نالی

نالی ل١٠٤

واتە: توانایی و هێزی سروشتی شیعر وتنم بە هەر سێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی ئەوە دەردەبڕێ کە چەند لەم مەیدانەدا چالاک و گورجوگۆڵم.

ناوەرۆکی شیعری دیوانەکەی باسی ئەوین و سروشت و گازە و موناجاتە. هەڵبەت بەشی زۆری غەزەلەکانی ناوئاخنی ئاشقانەن کە بە شێوەی جوانی بەیان دەرهاتوون. ئەوەی جێی سەرنجە کاریگەری نالی لەسەر شیعری فارسی بووە کە نیشانەی هۆگری زۆری ئەو لەگەڵ دیوانە فارسییەکان بووە، لەم دەرفەتەدا بە لێکدانەوەی دوو شێوەی سەبکی هیندی، شێواز و معادلە و کاریکەلماتۆر کە لە غەزەلیاتی (نالی)دا بەرچاوە، باس دەکرێت.

شەفیعی کەدکەنی لە کتێبی (شاعر آیینەها) دەنووسێت سەبک هەموو کات بە شێوەی هەڵسەنگاندن خاوەن درک و وەرگرتنە، هەروەک ڕەنگەکان لە هەمبەر یەکدا خۆ دەنوێنن [....] ئێوە ئەگەر غەزەلێکی سائب لە بەینی دیوانی سەعدی دابنێن، لە ڕێوە دەردەکەوێت، بەڵام غەزەلێکی سائب بخەنە نێو دیوانی کەلیم ڕەنگە تەنانەت پسپۆڕانیش نەتوانن لێکی بکەنەوە [....] کە وابوو بە زمانێکی سادە و بڕێک زانستییانە دەبێ بڵێین هیچ نووسراوەیەک نییە کە سەبکی نەبێت و هیچ سەبکێک جگە لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنێکی نۆرم و قەبارە ناتوانین لێک بدەینەوە، لە یەک قسەدا: سەبک، یانی لادان لە پۆڕ و ئاسایی.

شەفیع کەدکەنی ٣٨:١٣٨

سیرووس شەمیسا لە کولیاتی سەبک ناسیدا، سەبک بە شێوەی دیاریکراوی بەیان ناوئاخن دەزانێت. سەبک دەسکەوتی ڕوانینی تایبەتی هونەرمەندە بە دنیای دەرەوە و ناوەوەیە کە تایبەتی لە شێوەی سەربەخۆیی بەیاندا خۆ دەنوێنێ. بە شێوازێکی تر هەر ڕوانینێکی تایبەتی لە زمانێکی تایبەتدا ڕووەدات.

شەمیسا، لاپەڕەی ١٥- ١٣٧٦

ئەو سەبکی لە ڕوانگەیەکی جیاوازدا، دابەش کردووە گرینگترین دابەشکردنەکان لەسەر بنەڕەتی خولی میژوویی دادەنێت.

لەم وتارەدا هەوڵدراوە لێکدانەوەیەک لە نێوان غەزەلیاتی نالی لە بارەی بەسامەد و بەرز و نزمی سەبکی هیندی، بە تایبەت سائب کار بکرێت.

بۆچی نووسەری ئەم وتارە دەیەوێت بڵێت کە نالی لە شاعیرانی فارس زمان بە تایبەت حافز سائب و خاقانی، چ لە باری مانایی و چ لە باری شێوە کاریگەرییەکی زۆری بووە.ئەم کاریگەرییە بە ڕادەیەکە کە لە دیوانی (نالی)دا دوو بەیت دەبینرێت کە بە ناوی نالییەوە ناسراوە، بەڵام ئەو دوو بەیتە تایبەت بە ئەمیر موعزییە، یەکێک لە شاعیرانی خوراسانی دەرباری مەلەک شای سەلجووقی کە دەورانی (٥٨٤ کۆچی)یە:

آن زلف مشکبار بدان روی چون نگار
گر کوته است کوتهی از وی عجب مدار
شب در بهار میل کند سوی کوتهی
آن زلف چون شب امد و ان روی چون بهار نالی،
٢١٩:١٣٨٣

کە ئەو دوو بەیتەی سەرەوە لە کولیاتی دیوانی موعزی بە کەمێک ئاڵوگۆڕییەوە هاتووە:

آن زلف مشکبار بر آن روی چون نگار
کز کوته است از وی عجب مدار
شب در بهار میل کند سوی کوتهی
آن زلف چون شبست بر ان روی چون بهار موعزی،
٣٢٥- ١٣٦٢

دەتوانین ئەم خاڵە بە بەڵگەی هۆگربوونی نالی لەگەڵ شاعیرانی فارس زمان بزانین، بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوتر

که کاریگەری نالی له شاعیرانی فارسی زمان دەردەخات کاریگەری وشەی فارسییە کە لە شیعری (نالی)دا خۆی دەنوێنێ، خۆیشی بە شێوەی ڕەجەز لە ئاگاداری و زاڵ بوون بەسەر زمانی فارسیدا یاد دەکات.

تەبعی شەککەر باری من کوردی ئەگەر ئینشا دەکات
ئیمتحانی خۆیە مەقسوودی لە عەمدەن وا دەکا
یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شاسوار
بێ تەئەمول بەو هەموو نەوعە زوبانێ ڕادەکا دیوانی نالی (١٣٨٣: ١٠٦)

واتە زەوقی شیرینی من کە بە لای ئەوەدا دەچێ و بە کوردی شیعر بڵێ لەبەر ئەوە نییە کە کوردییەکە ئاسانە و دەسەڵاتی بەسەر عەرەبی و فارسیدا ناشکێ، بەڵکو لەبەر ئەوەیە دەیەوێ خۆی تاقی بکاتەوە بزانێ شتێکی تازەی لە دەست دێ لەمەو پێش کەس نەیکردبێ کە شیعر وتنە لەسەر عەرووزی عەرەبی بە زمانی کوردی، یا نە؟

کە زەوقی شیعری لە باری ساز و تەیار بوون بۆ شیعر وتن بە شاسوار ناو دەبات کە بە هەموو زمانێ، دەتوانێ قسەی پێ بکات.

نالی و سەبکی هیندی:

بۆ نیشاندانی نالی لەسەر سەبکی هیندی، بە تایبەت سائب لێک دانەوەیەکی کورت، لە دوو شێوەی سەبکی هیندی هەوڵدەدەین، پاشان ڕەنگدانەوەی ئەو لە شیعری (نالی)دا باس دەکەین. پێویستە بوترێ لە سەبکدا گەڕو بەسامەد گرنگە و ئەوەی کە شیعری نالی لەگەڵ سەبکی هیندی، بە تایبەت سائب هەڵدەسەنگێنین. نابێتە هۆی ئەوە کە شیعری نالی بە تەواوی لە ژێر سەبکی هیندیدایە، بەڵکو بە وردبوونەوەی چەند تایبەتمەندی سەبکی لە شیعری نالی لەگەڵ ئەم سەبکە ئەدەبییەدا بێت.

تەمسیل، شێواز و معادلە

خواجە نەسرەددین تووسی، تەمسیلی بە ناوی بەڵگەهێنانەوە ناوبرد کردووە. بەڵگە هێنانەوە ئاوا بوو کە لە حاڵی یەک شێوە لەسەر شێوەیەکی تر بەڵگە دروست بکات.، (الطوسی ١٣٥:٣٦٩)

شەبلی نەعمانیش لە" شعر العجم" دا دەنووسێت: شێوەی بەڵگەهێنانەوە هێزی خەیاڵی جگە لە ڕەوتی بەڵگەیەکە بە زۆری لەسەر خۆ و ئاساییە.

شاعیر بە سەبکێکی نوێ و شێوازی بەدیع داوای خۆی دەسەلمێنێ، ئەو زۆرتر باس لەسەر خەتایەکە لەمەڕ جۆرێک لێدوان، بەڵام وەها ڕەنگ کاری دەکات کە بیسەر ناتوانێ بە حەق، یان ناحەقی باسەکە سەرنج بدات، بەڵکو وەها شەیدای جوانی و سەرنجڕاکێشی بەیان دەبێت و بێ ئختیار سەری کڕنووش دادەخات "نەعمان ١٣٣٩، ج٤:٣٧"

سیروس شەمیسا لە بارەی تەمسیل، وەها دەڵێت ڕەنگە نووسەر، یان شاعیر پەندێک لە قسەی خۆی بەکار بهێنێت، یان وتەی ئەو لە پاشان ببێ بە پەند.

دروست بوونی ناردنی پەند بەم شێوەیە، دوو دێڕ بە یەکەوە وەها وێنە بکەن و شێوەی پەند بێت. بەم شێوە تەشبیهە، تەمسیلی مووزەمەڕڕە و بەڵگەی چواندن سوور بوون لەسەر مشەبەهە. "شەمیسا ١٩٨٢" شەفیع کەدکەنی لە شێوەیەک لە تەمسیل بە ناوی شێواز و معادلە یاد دەکات و دەنووسێت: شێواز و معادلە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئیمسال و مەسەل، یان هەر شێوەیەک لە میسراعی حیکمەت هێنەر بتوانێ جێگای پەند بگرێتەوە، نەبێتە هەڵە بە زۆری ئەم ئیسلاحە بە کار دێنن، مەبەستی من شێواز و معادلە نییە. شێواز و معادلە ئەوەی کە دوو نیوە دێڕ بە تەواوی لە باری شێوە سەربەخۆ بن. هیچ وشە، یان شتێکی تر، تەنانەت مەعناش پێکەوە گرێ نەدەن "شەفیع کەدکەنی ١٣٨٥، ٦٣" هەرچەند لە شیعری شاعیرانێک جگە لە شیعری سەبکی هیندی ئەم ڕازێنەرە دەبینرێت. هەروەک حافز:

اشک غماز من ار سرخ بر آمد چه عجب
خجل از کرده خود پرده‌دری نیست که نیست "دیوان حافز، ١٣٧٧: ١٠٢"

یا فروغی بەستامی:

من سیر نخواهم شد از وصل تو آری
لب تشنه قناعت نکند ماء معین را "دیوان فروغی، ٦: ١٣٤٨"

مووی دەوری لێوی زۆر جوانن دەبێت هەر جوان بێت بۆ ئەوەی خەتی یاقووت جوانە "نەوعێک خەتی جوان بووە و ئاماژە بە خەتی دەوری یاقووتی ڕەنگ سووریش بووە".

شاعیر لێرەدا مووی دەوری لێوی یارەکەی لە باری ڕەشی بە خەتی یاقووت کە جۆرە ڕەنگێکی جوان بووە هاوشێوە کردووە. دوو نیوە دێڕ بە تەواوی لە باری شێوە لە یەک جیاوازن و دێڕی دوو، بەس بەڵگەی قانع کردنە کە خوێنەر بە پیاهەڵدان ساز دەکات.

بۆچی نەگریم، سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مــەی نەڕژێ، شــیــشــە لە ســەد لاوە شکاوە نالی "٥٣٥"

لە نیـوە دێڕی یەکـەمـدا بە گـراوەکـەی دەڵێت بۆچی نەگـریم و فـرمێـسکم نەوەرن لە کـاتێکدا کـە توانایی بڕیاردان و بیرکردنەوە لە ئینسان دەگرێت و شێـوەیەکی قـانع کراو بە خوێنەر، یان بیسـەر دەدات کاسەی مەی بۆ وێنە دێنێـتـەوە کە ئەگەر جامی مەی بشکێت مەیی نێو ئەو دەڕژێت.

لەم دێڕەدا شاعیر بە تەشبیهی موزومەڕ دڵی خۆی بە لێـوانی مـەی تەشـبـیـهـ دەکـات کـە بە هۆی بێ وەفـایی یـارەکـەی شکاوە، دوو نیـوە دێڕ لە باری شـێـوەوە بە تەواوی لێک جیاوازن.

چەند وێنەی تر:

مومکین نییە جەلبی دڵی خوبان بە من و تۆ
نەم بیسـتـووە تەخسـیـری مـەلایەک بە مـەلایێ "نالی ٧٠٥"

گرتن و بە دەست هێنانی دڵی هەموو جوانان، بە من و تۆ ناکرێ بۆ ئەوەی بە دەست هێنانی دڵی فریشتەکان بە پیاوێکی باش و پاک ناکرێت.

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیقەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا نالی "١٠٧"

شـیـعـری خـەڵکی هەرگـیـز لە ناسکـیـدا ناگـاتە ڕادەی شیعری من، شیعری من لە چاو شیـعری خەڵکی وەک تاڵی ئـاوریشـم وایە لـە چاو پەتـکـدا، دیـارە پەتـکـیـش هەرگـیـز ناتوانێ لە باریکی و ناسکیـدا بەربەرەکـانێ لەگەڵ تاڵی ئاوریشمدا بکا.

حەلقە حەلقەی زوڵفی سەر قوبەی هەیاسەی کەوتووە
مەحرەمی سیرڕە، بەڵێ گەنجووری گەنجە ئەژدەها نالی "٣٠"

زوڵفی یار حەلقە حەلقە تا کەمەری هاتووەتە خوارێ، کە ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە بۆ ئەوەی ئەژدیها هەموو کات چاودێر و پارێزەری گەنجە.

لە جگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ
بێ خـەتا کـەس نـیـیـە ڕازی کـە لە ئەولادی درێ نالی "٦٥٣"

لە شـیـعـرەکانی من کـە وەک جگەرگـۆشـەم وایە مـانای خـراپ لێک مـەدەوە هەروەک ئەوە کە هیچ کـەس حـازر نییە بێ خەتا لە منداڵەکەی بدرێت.

سابوونی کەفی پێیە کەفی زاری چاپلووس
خـاسـیـەتی ڕەقـیـقی هەیە نەرمی زوبانی لووس نالی "٢٣٧"

واتە لە پی دەمی پیـاوی مـەرایی کـەر و ڕیاباز لە کـاتێکدا کـە دەدوێ و مـەرایی دەکـا و کـەف دەچڕێنێ، سـابوونی بۆ قـسـە لەگـەڵ کراوەکـە پێـیـە، لەبەر پێـیـدا بیـرڕێژی تا هەڵی خلیـسکێنێ، یان ئەو کـەفـەی لە دەمی پیاوی مەرایی کەر و ڕیاباز دەڕژێتە سەر زەوی، سابوونی بەر پێـیـە، بۆ هەڵخلیـسکانی قـسـە لەگـەڵ کراوەکـەی ڕشـتـووە، نەرمی زمـانـی لووسـیـش بۆ خـەڵک هەڵخەڵەتاندن، خاسیەتی سابوون ڕەقیقی پێوەیەو کە بنیادەمی بە عەرزدا دا، زرمەی لێ هەڵدەستێنێ.

زۆر جار شێواز و معادلە دێڕیکی تەواوە بۆ سەلماندنی بەیتی پێشـوو، هەروەها نالی کە لە بەیتێکدا لایەنێکی ئەزەل بەیان دەکـات، وەک ئەوەی هەمـووی کـارەکـان لە دەست خودادایە و لە دێڕێکی تردا دوو دار بۆ وێنە دێنێت کە لە وێدا هەر دوو دارن، بەڵام یەکیان بۆ بە جێهێنانی سـونـنەتی پێـغـەمـبـەر (وەک دروست بوونی مـیـسـواک) ئەوی تریان بۆ سووتان و مشقان کەڵک وەردەگرێت.

بەندە ئەزەل بە خەتتی خۆ قابیلی قیسمەتی بووە
ئێستە بە ئیقتزای عەمەل جێگەیی خۆی تەڵەب دەکا
داری ئیـدراک و داری هێند هەر دوو کـە عـوودە ئیسمیان؟
هەمـدەمی سـوننەتە ئەوەم مـەیلی ئەبوو لەهەب دەکـا نالی "٩٨"

نالی لە دێڕەکانی تری ئەم غەزەلەدا لە شێواز و معادلە کەڵک وەردەگرێت.

سەهم و نەسیبی ئەسلییە، بەحسی گیا و گڵ نییە
تووتنە خەرجی سووتنە، مۆدنە ماچی لەب دەکا

بەش و چارەنووسی ئێمە لەم دنیا بە دەس ئێمە نییە، هەروەک تووتن بۆ سووتاندنە و مۆدنە ماچی لێو دەکا، لێرەدا پووک لێدان لە مۆننە بە ماچ کردن لێک داوەتەوە.

لۆمەی زەمان دەکەی کە بۆ خۆڕایی ڕاستی دەوێ؟!
غـافـڵی دەسـتی ڕاسـتی خـۆت خـزمـەتی دەسـتی چەپ دەکا؟! نالی "٩٩"

سەر کۆنەی ڕۆژگار دەکەی کە بۆچی مرۆڤە پووچەکان بایەخـیـان لە سەرتـرەوەیە لە کاتێکدا لە خۆت ورد بەوە، دەبینی کـە دەسـتی ڕاسـتی تۆ کـە بایەخی زیاترە

خزمەتکاری دەستی چەپی تۆیە. شێواز و معادلە لە شیعری نالی دا زۆر بەرچاوە کە ئەم سەرچاوانەی باسمان کردن جوانترین وێنەی شێواز و معادلەن.

کاریکەلماتۆر:

حەسەن حسەینی لە کتێبی "بیدل" سپێهری و سەبکی هیندی لە مەڕ کالیکەلماتۆرەوە وەها دەنووسێت:

کاریکەلماتۆر، فرەوێژی بە وشە، سووک و قورس کردنی مانا و پێوەندی و شوبهاندنی جیاوازی ئەو لەگەڵ دەرهێنانی مانای مەحاڵ و نەگونجاو، بەڵام لە کاتێکدا سەرسوڕهێنەر و پێکەنینی و لەبەر دڵانە، (حسەینی، ٤٨: ١٣٦٨)

ئەم یارییە بە چوارچێوەی جۆراوجۆر بە لەبز و دەربڕینێکی نەقڵ و کەلپەیانە و لەبەر دڵان یەک مانای لەم یارییە، لە دە تا بیست سااڵ لەمەو پێش لە نەسر، بەدیهێنەر جۆرێ چوارچێوەی سەرگەرمی و گۆڵەزاوی بووە کە پێشینیان ناوی کاریکەلماتۆریان لێ ناوە (هەر ئەو سەرچاوە: ٤٨)

لە کاریکەلماتۆر، ئەم وشەیە کە بە شێوەی جۆراوجۆر خۆ دەنوێنن، یان مانای جیاواز لە یەک وشە بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئەو لە دێڕدا وەردەگرێت:

کاریکەلماتۆر لە دایکبووی چەند لایەنە، وشە، ئیلهام، دڵ، تەسحیف، جیناس، هەروەها لەم شێوەن.

پاش ئەمە زەینی لێهاتووی هونەرە کە بە کەڵک وەرگرتن لە کانگای وشە دەست دەدەنە خۆ نوێنی هونەر لە رێگی وشەدا. بۆ ڕوون بوونەوەی چەمکی و واتا چەند وێنەیەک لە کتێبی "بیدل" باس دەکەین، کەلیم کاشانی:

به غیر دیده که "پوشیدم" از مراد دو کون
به قدر همت خود جامه‌ای نپوشیدم (همان ٤٩)

لەم دێڕەدا پۆشین لە پێوەندی بە ڕوانینی مانایی دەبێتە کەنایە کە لە پێوەندی لەگەڵ جلوبەرگ، هەر ئەو مانای ڕاست پۆشینی هەیە.

غنی کشمیری:

ز مضمون دزدی یاران نمیباشد غمی ما را
چنان "بستیم" مضمون را که نتواند کسی بردن

همان: ٤٩

ڕەنگە بەم شێوە هونەر نوێنیە بتوانین بڵێین ئیعجاز لە وشە. همان ٤٩

چما ئەو وشەیە دەبێتە مەیدانی تەڕاتێنی زەینی بە توانایی شاعیر و بە شێوەی جۆراوجۆر دەدۆزنەوە.

واتە شاعیر بە یەک وشە هەڵگری ڕادەیەک (مانا و شێوە) هەیە. بە بەکارهێنانی لە ڕستە و دەرگیرکردن لەگەڵ لایەنەکانی تری، جوانی بەخشین و فرە مانایی دەدات. بە سەرنجدان بەم لێکدانەوە ڕاستی ئەم هونەر نوێنییە لە شیعری نالیدا دەبینین:

له شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین ڕەنگە
بگاتە ئاسمانی بێستوون فەرهادی هاوارم

نالی ٢٧٤، ١٣٨٣

"سەبارەت بە گراوەکەی دەڵێت: بە هۆی جوانی و شیرینی ڕووی تۆ کە پاشای سەر زەوینی، بۆی هەیە کە نالێنی وەک فەرهادم بە ئاسمانی بێستوون بگات."

لە دێڕی سەرەوە وشەی "بێستوون دوو مانای جیاوازی هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ ئاسمان هەمان مانای ئاسمان دەگەیەنێ کە بێ کۆڵەکە وەستابێت و بێ ئەوەی ستوونێکی ببێت و لە مەڕ شیرین، فەرهاد، خەسرەو و تەخت، کێوی بێستوون بە زەینیدا دێت.

زولفم به نەسەب سیلسیلەی ڕیفعەت و شانە
من دەیخەمە بەر پێ کە حەبەش زادەیی ڕوومن

مووەکانی سەری من کە هۆی شانازین دەیانخەمە ژێر پێم کە هۆی ڕەشی ڕوومن.

لەم دێڕەدا وشەی "ڕوومن" لە پێوەندی زولف و حەبەش هەر ئەو مانای کیشوەری ڕۆم دەگەیەنێت، کە شاعیر لەوە ڕووی سپی مەبەست بووە.

ئەژدەهای زولفی له دەوری گەنجی حوسنی حاریسە
حەلقە حەلقە، چین به چین، سەر تا به خواری گرتووە

نالی: ٥٣٩

زولفی وەک ئەژدیها چاودێری جوانی ڕووی یارە کە حەلقە و قەفی خواردووەتەوە سەرتاپای گرتووە.

چین:

١- شکەنی زولف بە قەرینەی "زولف"

٢- ولاتی چین بە قەرینەی "ئەژدیها"

ئەم ئاراییە ئەدەبییە لە شیعری (نالی)دا دەستێکی زۆری هەیە ئەم شێوە هونەر نوێنییە، بە ناو ئیلهام دەناسرێ و کەمتر کەسێ بە ناوی کاریکەلماتۆر ناوی دەبات، بەڵام لە لێکدانەوەی کاریکەلماتۆر ئیلهامیش جۆرێ کاریکەلماتۆر ناو دەبرێت. وێنەی تر کە باس دەکرێت جگە لە ئیلهام، هەبوونی ئاراییەی تری ئەدەبی لە ئاست وشەدایە کە جوانترین وێنەی کاریکەلماتۆرن.

خوانیزی جیهان هەنگی خۆش ئاهەنگە، وەلی
مـیشی دەم نوشم و دوم نیـشم و عـەکسی عـەسـەلم؟
نالی: ۲۹۱

سفرەی پڕ بەرەکەتی جیهـان وەک کەندووی هەنگە کە هەمـوو کـەس لەو دەخـوات، ئەوانەی کـە لەم سـفرە بەهرە دەبەن وەک مـێش هەنگوین کـە لە دەوری کـەندووی هەنگوین کۆوە بوون. شاعیر خۆشی بە دانەیەک لە مێش هەنگوینەکـان زانیـوە و دەڵێت کـە منیش لەم کـەندووە کەڵک وەدەگـرم و هەر کەسێ ئازارم پێ بگەیەنێ ئازاری دەدەم و پێوەی دەدەم.

دوو دێڕی سـەرەوە وشـەی هەنگوین بە قـەرینە، یان هاولفی "هەنگ"، یانی مـێش هەنگوین و "نیش" بە مـانای پێـوەدانی مـێش هەنگوینە، بەڵام لە نیـوە دێڕی دووەا وشەی "عـەکسی" پێش لە "عەسـەل" هاتووە کە بە مـانای لە ئاخرەوە خـوێندنەوەی وشـەی "عـەسـەلە" کـە دەبێـتـە "لەسـەع" و بە مـانای پێـوەدانە، کـە وا بوو "عەسەل" هەم بە"نوش" و هەم بۆ "نیش" دەگەڕێتەوە.

نێوان نـوش و نیش ئاراییەی جیناس هەیە کـە ئەویش لە شێوازی خۆیدا کاریکەلماتۆرە:

ئەسیری سیلسیلەی بەندی مەهاری سەر قەتارت بم
کە دەمکێشێتە ڕەوزەی حەی وەکو مەجنوونی دێوانە
نالی: ٤٩٧

بە شـێـوەی دۆعـا دەڵێت: ئەسـیـری زنجـیـری زارکی وشـتـری قـافـلـەت بم کـە وەک شێت من بە دوای خـۆیدا ڕادەکێشێت و کێشم دەکات. لەم دێڕەشدا پێویستە کە خـوێنەر پێـوەندی نێـوان دێوانە، هەروەها گـرێ بەسـتی نێوان "دەمکێشێت"، واتە کێشان، لەگەڵ "سیلسیلە"، واتە سیلسـیلە، کە لە کارواندا وشـترەکـان پێکەوە گـرێ دەدا و مـانای کێشان، واتە جەزب و ڕاکێش کردن بزانێ تا بە دیاری کردن بەم وشانە لە نێوان ئەم دێڕەدایە بزانێ.

لە شـیـعـری نالی، کـاریکەلماتۆر بەس بەم شـێـوازە هاوەدەنگی لە شیعردا ساز دەکات:

لەولاوێکە "لەولاوە" بە ئەم "لاوە" یا
یاسەمەنی خاوە بە ڕووی "ڕۆژا" "ڕژاوە"؟! نالی:٥٣

زوڵفی یار وەک گوڵی لاولاوە، یان ئەشقە کە سەر پای یاری گرتووە، یان گوڵی یاسەمەنە کە ڕووی جوانی یاری داپۆشیوە؟!"

لە دێڕی سـەرەوەدا بە کـەڵک وەرگـرتن لە دڵ، کاریکەلماتۆر پێکهاتووە. وێنەی تر:

ڕەقیبی "تەن" و "ڕیققەتی" دڵ، "ڕوقبەتی" تاعەت
مەخسووسی "ڕەقیب" بوو، لە منی خەستە "ڕقی" بوو
نالی: ۳۷۳

لە خـۆ بردوویی لەش لە هەڵگرتنی هەر بارێکی نەرمی و ناسکی دڵ لە وەرگـرتنی هەر کـارێک و تاعـەت لە بەڕێوەبردنی ئیشەکان، هەمووی لە منداا بووەتەوە و نازانم کە ڕەقیب ئیدی چی لێم دەوێ کە ئێستاش کینە بە دڵە لێم.

"بیش وکەم" "بی شکەم" و حیرس وەکو تیفلی ڕەزیع
زاوییـە "بیـشکەمن" و بی شکەم" و بی حـیـیـەلم
نالی: ۲۹۱

من لە دووی تەمـاع نیم وەک شـیـرتەخـوردم کـە بە هەر شتێ قەناعەت دەکەم.

منەججیم کەرگەس و "لاشەی" لە "لاشەیئێکە" نەیزانی
کـە ئەم ئەفـلاکـە چەند لاکـە، کـە ئەم گـەردوونە چەند دوونە نالی:٥٢١

مـونەججیم، ئەستێرەناس کە لەشی لاواز و زارە وەک کەرکەسە نەیدەزانی کە ئەم گەردوونە چەند بێ نرخە و ئەم ڕۆژگارە چەندە پەستە.

خوایە بە هۆی بارانی ڕەحمەتت کە بەردی ڕەش دەکا، تەزیر ڕەنگە مەبەستی بەردی ڕەشی ناو کا بێت کە وەک زێڕ بە نرخ بووە، دڵی منیش ئاویاری بکە (دڵی من کـە بە هۆی گـوناهانەوە ڕەش بووە، بە هۆی بارانی ڕەحمـەتی خـۆت، پاکی کـەوە، کـە شـاعـیـر یاری بە وشـەی "ڕەش" کردووە.

ئەو وێنانەی هێنامنەوە نموونەێکی زۆر کـەمن کـە بە هۆی جـوانی کـاریکەلماتۆرەوە باسم کـردن. بۆ نموونە ئەم غەزەلە:

حەڵقە لە گوشی کەفی ڕەنگینی تۆبە ئەم دەفە
با نە نالێ لێی مـــەدە "عن لطمـــە کف الکفـــە"
نالی:٤٥

کەمتر دێڕی دەتوانی بدۆزیتەوە کە کاریکەلماتۆری تێدا نەبێت. لە کۆتاییدا شایانی باسە کە نالی لەم دێڕەدا:

نالی ئێستە تاجی شاهی و تەختی خاقانی هەیە
شـەوکەت ئارا، مـوحتـەشـەم دێوانە، فـیکرەت سـائیبـە
نالی: ٤٠

سـائیب: بە هاو لفی، یان قـەرینەی " فـیکرەت" بە مانای باش و خۆڕاگر ۲- بە هاوەدەقی و قەرینەی "دیوان" و "فیکرەت" سائیبی شاعیر دەخاتە زەینەوە.

چما کە لە سەبکی هیندیدا ئەمە خەیاڵ و بیرۆکەی شاعیرانە کە بە لێک چوونی نێوان شتەکان ڕێ دەبەن و دەست دەدەنە مانا ئافراندن.

خاقانی ۱- بە هاولفی " تەخت" " شا" و ج" موحتەشەم" بە مانای پاشایە. ۲- بە هاولفی " دیوان " خاقانی شاعیر دێنێتە زەینەوە چما نالیش وەک خاقانی بە شێوەی ڕەجەز لە گەورەیی و بێ وێنەیی خۆی لە شیعر و شاعیریدا باس دەکات.

هێنانەوەی دوو وشەی " خاقانی و سائیب دەتوانێ خۆی هاوەقی و قەرینەی بێ بۆ سابت کردنی مانای ئیهامی ئەم وشە، بۆ ناسینی نالی لەگەڵ شیعری ئەم دوو شاعیرەدا.

دەسکەوتی وتار:

لە لێکدانەوەی ئەدەبیاتی هەڵسەنگێنراو، بۆ سەلماندن و نیشاندانی کاریگەری، شێوە و باری بنەمای ئەدەبی جێی سەرنجە بۆ ئەوە کە ناوەرۆک ماناو شێوازی تایبەت بە یەک ئینسان و ناوچەی جوگرافیایی دیاریکراو نییە. بۆ وێنە ناتوانی بڵێیت کە چونکە فلاّن شاعیر لە ئەوین و چۆنیەتی ئەوین دواوە ئەم تەوەرسەبکی شیعری ئەوەو ئەگەر کەسێکی تر لەو بارەوە نووسی حەتمەن کاریگەری ئەوی بە سەرەوەیە، بەڵام لە شێوەی بەیان و چۆنیەتی دەربڕین کە سەبک بۆ خۆی ڕەنگێکی بە خۆ دەگرێت، بەو شێوە کە دەتوانین سەبکەکان لە یەک جیا کەینەوە.

ئەم وتارە نایەوێت نالی بخاتە نێو شاعیرانی سەبک و شێوازی هیندی، بەڵکو بڕێ لە غەزەلیاتی نالی، شێوەی غەزەل وتنی حافز دەخاتە مێشکەوە. لەم لێکۆڵینەوەدا لە چەندانەیەک سەبکی شیعری نالی، بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی دوو لایەنی تایبەت لەگەڵ پێوەندی سەبکی هیندی دا دواین، لە ڕاستیدا مەبەستی نووسەر لەم وتارەدا ئەوە بوو کە نیشانی دا نالی کاریگەری شاعیرانی فارس زوبانی بە سەرەوە بووە و لەگەڵ دیوانی شاعیرانی ئەدەبی فارسی تا ڕادەیەکی زۆر ئاگادار بووە کە سائب یەکێ لەو شاعیرانەیە کە بەسەر زوبان و چۆنیەتی "بەیانی" نالی کاریگەری بووە.

.....

سەرچاوە: وەرزنامەی توێژینەوەی عولوم ئینسانی، نەقشی جیهان، تایبەت نامەی ئەدەبیات، زانکۆ ئیسفەهان لاپەڕە ۸۷، نالی و سەبکی هیندی. هیوا حەسەن پوور، کارناسی ئەرشەدی ئەدەبیات زانکۆ عەللامە تەباتەبایی.

ژێدەر:

*** حافز، شەمسەدین محەمەد. ۱۳۶۹، دیوان، بە کرد و کۆشی غنی و قەزوینی، نەشری زەووار.**

*** ڕەجایی، محەمەد خەلیل. ۱۳۵۳، معالمولبەلاغە، شیراز، ئینتشارات زانکۆ پەهلەوی.**

*** ڕوودەکی، جەعفەر بنی محەمەد ۱۳۷۳، دیوانی، براگینگی، لە ڕووی نوسخەی سەعید نەفیسی تاران، ئینتشاراتی نگاە.**

*** سەعدی، موسلح بنی عەبدوللا..."بی تا"، غەزەلیات، نوسخەفروغی، ئینتشارات ئێقبال.**

*** شەمیسا، سیرووس. ۱۳۷۷، مەعانی پێنجوم، میترا.**

*** ـــــــ ۲۳۸۵، سەبک شناسی نەزم، تاران: نەشر میترا، چاپی ۲وەم.**

*** ـــــــ ۱۳۸۳، نیگایەکی تازە بۆ بەدیع، تاران، ئینتشارات فردەوس.**

*** التووسی، موحەمەد بنی موحەمەد بنی حەسەن، ۱۳۵۵، ئەساسول ئیقتباس، تاران: ئینتشارات زانکۆ تاران چاپی دووەم.**

*** موددەڕس، مەلا عەبدولکەریم ۱۳۸۳، دیوان نالی، سنە: بلاوگەی زانکۆی کوردستان.**

- نەخفی، حسەین ۱۳۴۸، دیوان فروغی بەستامی، تاران: ئینتشاراتی نەمیر کەبیر.

- نەعمانی، شەبلی ۱۳۳۹، شیعرولعەجەم، وەرگێڕانی فەخر داعی گیلانی، تاران: ئینتشاراتی ئبنی سینا، چاپی دوو.

- هیری، ناسر ۱۳۶۲، کولیاتی دیوان موعزی، تاران: نەشر مەرزبان، چاپی یەکەم.